# مانای "ئیلتزاماتی ئەخلاقی و ئەدەبی"

**خالد ئەمین**

2007/11/20

نوشیروان مستەفا لە دیمانەکەی لە گەڵ سبەی سەبارەت بە یاداشتەکانی ئەڵێت "ئەوەندەی کە لە بیرم بێت هیچ شتێکی نهێنی نەبووە باسم نەکردبێت، هەموو شتەکانی ئاگادار بووم باسم کردووە." پێشەکی ئەبێ ئەم پرسیارە لە نەوشیروان مستەفا بکەین کە ئایا شتیش هەیە کە ئێوە ئاگاداری نەبن؟ ئەگەر هەیە ئێوە کە لە "لوتکەی دەسەڵات" و سەرکردایەتیدا بوون بۆ ئاگاداری نە بوون وە یان بۆ ئاگادارتیان نەکرد؟ دوهەم ئایا لەم دوو یاداشتەی خوارەوەدا هەموو شتێک باس کراوە؟

"4ی 9ی 3 پێنجشەم

چەلەبی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەمڕوی کرد.

ڕامسفیلد وەزیری بەرگری ئامریکا گەیشتە بەغداد

لە گەڵ مح کۆ بوەوە، سوپاسی سەرۆک بوش و دەوری وەزیری بەرگری و بەڕێوەبەرایەتی ئامریکا کرا. یەکێ لەو شتانە کە زۆر لە ئەندامانی مح داوایان لێ کرد. نەهێنانی هێزی تورک و هێزی دەوڵەتانی دەراوسێ بوو.

14 ی 9 ی 3

چەلەبەی سەروکایەتی نائاسای کرد.

کۆلن پاول وەزیری کار و باری دەروەوەی لە بەغدایە. هات بۆ کۆبونەوە لە گەڵ مح. ئەندامانی مح لە هۆڵی میوانی بارەگای مح چاوە ڕێی کۆلن پاولیان کرد. پاول هاتە ژورەوە. ئەحمەد چەلەبی لە سەرەوە بە ڕیز ئەندامانی پێش کەش کرد. پاشان چوینە هۆڵی کۆبونەوە. چەلەبی بە ناوی مح بە خەیر هاتین کرد و سوپاسی گەلی عێراقی بۆ سەرۆک بوش بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکی پێ ڕاگەیاند. زۆر لە ئەندامان بە خەیر هاتنیان کرد و دژی هێنانی هێزی تورک و دەوڵەتانی دەراوسێ دوان." ڕۆنامەی سبەی ل 10 -2007/11/14

خوێنەرانی رۆژنامەی سبەی چون باوەڕیان بە نەوشیروان هەیە. چون وا ئەزانن کە ئەو بەرانبەر بە گەل و هەوادارەکانی "ئیلتزاماتی" داوە، ئەم دوو یاداشتە ئەخوێنەوە و تێ ئەپەڕن بە سەریدا. بەڵام بە ڕاستی هەم ڕامسفیلد و هەم پاول دوو کەسی پایە بەرزیی ئەمریکی هەر بۆ ئەوە کوبوونەوەیان لە گەڵ مجلسی حوکم (مح) کرد کە "سوپاسی گەلی عیراق" ببەنەوە بۆ "سەرۆک بوش"؟

لەو دوو "یاداشتەدا" جگە لە دەر بڕینی "دژی هێنانی هێزی تورک و دەوڵەتانی دەراوسێ" کە هەر لە همان کادا دركا و هەموو ڕۆژنامەکانی عالەم باسیان کرد، چی تر باس کرا؟ "کۆبوونەوەی نا ئاسای"تان دانا و لەو کۆبوونەوە نا ئاسایەدا باسی چیترتان کرد؟ باسی کوردستان و کەرکوتان نەکرد؟ باسی هێزی بەرگریتان نەکرد؟ باسی القاعدە و سوریا و ئێرانتان نە کرد؟ باسی بودجەی داهاتووی عێراق، نەوت و ئاوەدانیتان نەکرد؟ ئەی ئیتر کۆبوونەوەکە بۆ "نائاسای"بوو؟ لە بەر ئەوە ئەگەر ئەو کۆبوونەوتان نەکردبات سوپاسی گەلی عێراق نە ئەگەیشتە گوێی ئەوانە کە لە "لوتکەی" بەرزی وڵاتی ئەمریکیدا بوون؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا کە "بەندەی بەسەزمان" هات بە مێشکمدا و پرسیاری ڕۆژنامەکەی خۆی (سبەی) نەوشیروان ئەڵێت "من لە هەموو کاتێکدا قسەم کردووە، بەڵام بێگومان ئینسان کە لە لوتکەی دەسەلاتی حزبدا بێت لە سەرکردایەتی حزبێکدا بێت، کۆمەڵیک ئیلتزاماتی ئەخلاقی و ئەدەبی هەیە کە دەبێت پێڕەوی بکات، یان نابێت لەو شۆێنەدا بێت یان لەو شوێنەدا بوویت پێڕەوی ئەو ئیلتزاماتە بکەیت کە بەرابەر ئەو حزبە هەتە، وەختێک کە لەو قەفەزە دێیتە دەرەوە ڕەنگە ئازادییت زۆرتر بێت قسەکانت بکەیت." (سایتی سبەی)

نەوشیروان کەسایەتییەکی سیاسیە و هەر وەها تا ئەوجیگا کە "بەندەی بەسەزمان" ئەزانێت زمانەوانیشە. ڕەنگە چاوڕێی سوپاس بێت کە لێرەدا "ئیلتزاماتی ئەخلاقی و ئەدەبی" بۆمان شی کردەوەتەوە. زیاتر لە چل ساڵە خەڵک کەوتونەتە شوێنی نەوشیروان و ئەوانەی تر کە هان لە "لوتکەی دەسەڵاتدا" لە بەر ئەوە وایان زانیوە ئەمانە بەرانبەر بە گەڵ "ئیلتزاماتی ئەخلاقی وئەدەبی"یان داوە.

گەلی بی "دەسەڵات" وایان زانیوە کە "دەسەڵات"دارەکان لەو سەرەوە شتیان نیە لە خەڵکی بشارنەوە. گەلی کورد ئەمانەیان هەڵبژاردوە وایان ئەزانی ئەم خاوەن دەسەڵاتانە کە هەموو دەسەڵاتەکەیان لە لایەن گەلەوە پێ بخشراوە "ئیلتزاماتی ئەخلاقی و ئەدەبی"یان هەیە و بەرژەوەندی گەل هەرگیزاو هەرگیز نا گۆڕنەوە بە بەرژەوەندی حزب و نهێنیەکان لە گەل نا شارنەوە.

ئەو شیروان لە درێژەدا ئەڵێت "سەرکردایەتی حزبەکان سنوورێکیان هەیە دەتوانن بیبەزێنن، بەڵام لە ڕووی ئەخلاقییەوە نابێت بیبەزێنن." ئێوە کە تا ئیستا نەتان بەزانەوە لە بەر ئەوە کە لە "قەڤەزی" حزبدا ئەسیر بوون. مەگەر خۆت ناڵێت **"وەختێك كە لەو قەفەزە دێیتە دەرەوە رەنگە ئازادییت زۆر تر بێت قسەكانت بكەیت." ؟** باشە خۆ ئێوە ئیستا هاتونەتە دەر ئەم مەرجە "ڕەنگە" چیە دات ناوە بۆ پێشێل کردنی "ئازادی" خۆت؟ یان هێشتا "ئیلتزامات" بە حزب گرنگ ترە بە لاتەوە و ناتەوی بەرژەوەندی حزب بگۆڕیتەوە بە بەرژەوەندی گەل؟

لە کۆتایدا بە پێچەوانەی بۆ چونەکەی نەوشیروان مستەفا، کە بۆ چونێکی لایەنگرانەیە و "ئیلتزاماتی " هەیە بەرانبەر بە خۆی و زۆر کەسانی تر کە "لە لوتکەی دەسەڵات؟" و حزبدان. خەڵک و کەسایەتی سیاسی لە مێژوی گەلاندا بە تایبەت گەلێک وەک گەلی کورد کە لە زەوی و ئاسمانەوە لە لایەن دوژمنەوە گەمارۆ دراوە ئەبێ "ئیلتزاماتی ئەخلاقی و ئەدەبی"یان هەبێت بەرانبەر بە گەل و ئینسانیەت.

بە وەتەی نەوشیروان "یان نابێت لەو شۆێنەدا بێت یان لەو شوێنەدا بوویت پێڕەوی ئەو ئیلتزاماتە بکەیت" بەڵام کام "ئیلتزامات" ئیلتزاماتێک کە بە گەڵت داوە. سوێندی کە خواردوتە بۆ گەڵ. وەعدێک بە گەل داوە کە خۆت بەخت کەیت بۆ گەڵ و لە سەرتاسەری ژیانتدا نهێنییەک لە گەل نەشاریتەوە. هەر ئەو "ئیلتزاماتە" بە گەل و ئینسانیەتە کە هەر کات بینی حزب بە هەڵدا ئەڕوات ئاشکرای ئەکات و تەنانەت خیانەتی سەرکردایەتی و حزب ئەخاتە بەر دەمی گەڵ و کۆمەڵگای ئینسانیەوە. ئەگەر خۆشی هەڵەی کرد بێت بێباکانە باسی ئەکات. ئەمەیە مانای "ئیلتزاماتی ئەخلاقی و ئەدەبی".

ڕەنگە نەوشیروان بڵێت ئەگەر "ئەو سنوورە ببەزێنێت" حزب زیان ئەبینێت. بەڵێن ئەدەین کە داوا لە نەوشیروان نەکەین هەموو نهێنیەکان بدرکێنێت. بەڵام ئایا باردوخی عێراق و بەتایبەت کوردستان لە مەودایەکەدا نیە کە بڵێین کۆبوونەوە لە گەڵ پاول و ڕامسفیلد بۆ چ بوو. هەر نان خواردن و بە خەیر هاتن؟ ئەمە کە ئیتر زیانێک نا گەیێنێت بە حزب و یان ئەو "ئیلتزاماتە" کە بە حزب داوتانە.